# سلێمانی پێشوازی لەپاڵەوانێتی جۆدۆی خۆرئاوای ئاسیا دەکات

وابڕیارە لەمانگی ٩ی ئەمساڵ لەشاری سلێمانی پاڵەوانێتی جۆدۆی هەڵبژاردەکانی خۆرئاوای وڵاتانی ئاسیا بەڕێوەبچێت، یەکێتی جۆدۆی عێراقی بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی جۆدۆی خۆرئاوای ئاسیا ئەم پاڵەوانێتیە لەئاستی تازەپێگەیشتووان بۆکوڕان و کچان بۆ یەکەمین جار لەکوردستان ئەنجام دەدرێت. هاتنی ئەم پاڵەوانێتیەش بۆهەرێمی کوردستان دوای ئەوەدێت کە لەکۆبوونەوەی یەکێتی خۆرئاوای ئاسیا، یەکێتی ناوەندی جۆدۆی عێراقی سێ پۆستی لەیەکێتیەکە بەدەستهێنا، توانییان ئەو پاڵەوانێتیە بهێننە هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش بریتین لەهەڵبژاردەکانی (عێراق، ئیمارات، قەتەر، کوێت، سعودیە، یەمەن، سوریا، فەلەستین، لوبنان، ئێران، ئوردن).





# خولی بەهێزکردنی ڕاهێنانی کاراتی

بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاست و توانای ڕاهێنەرانی یاری کاراتی لەشاری سلێمانی، بەسەرپەرشتی یەکێتی کاراتی لقی سلێمانی بۆماوەی دوو ڕۆژ لەهۆڵی سەنتەری ئۆلۆمپیك بۆیاری کاراتی خولی بەهێزکردنی ئاستی ڕاهێنەرانی کاراتی بۆ ڕاهێنەرانی یانەکانی نێو شاری سلێمانی و دەورووبەری بەڕێوەچوو، لە خولەکەشدا کە زیاتر لە٤٠ ڕاهێنەر و یاریدەدەری یانەکانی نێو شاری سلێمانی بەشداربوون ڕۆژانەش وانەکان بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی لەلایەن ڕاهێنەری پلەیەکی نێودەوڵەتی (ئەرسەلان محەمەد ) دەگوترانەوە، لەخولەکەشدا چەندین زانیاری لەلایەن وانەبێژی خولەکەوە پێشکەشی ڕاهێنەرانی ئامادەبوو کران، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە چەندین پرسیاریان ڕووبەڕووی وانەبێژی خولەکە کردەوە ئەویش لەلایەن خۆیەوە وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە ئاراستەی کران، لەکۆتاییشدا بڕوانامەی سەرکەوتوان لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبوو بەسەر ڕاهێنەرانی بەشداربووی خولەکە دابەشکرا.

# لەپاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی عەرەب یاریزانە کوردەکان ئەنجامیان شایستە بوو

لەعەممانی پایتەختی وڵاتی ئوردەن پانزەمین پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی وڵاتانی عەرەبی، لەئاستی لاوان بۆهەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەڕێوەچوو، کە ١٥وڵاتی عەرەبی بەشداری پاڵەوانێتەکەیان کردبوو، هەڵبژاردەی عێراقیش بەژمارەیەك لەیاریزانانی کوردی یانەکانی هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و سلێمانی بەشداری پاڵەوانێتەیەکەیان کردبوو توانیان ئاستێکی بەرز لەپاڵەوانێتەکەشدا پێشکەش بکەن. ئەنجامی یاریزانانیش بەمشێوەیەی خوارەوەبوو.

*دڵسۆزعوبێد لەڕاکردنی ١٠٠مەتری بەربەست بەشداربوو توانی پلەی پێنجەم بەدەستبهێنێت.

*چاوان بەهادین لەڕاکردنی ١٠٠مەتری پلەی هەشتەمی بەدەستهێنا.

*کەیوان تۆفیق لەپێشبڕکێی دە یارییەکەدا، لەڕاکردنی ١٠٠مەتری و یەك بازدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، لەهەڵدانی قورساییش پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.


* فاتیمە ڕەحیم لەیاری مەترەقەدا توانی پلەی پێنجەم بەدەستبهێنێت.



تەمارا شاکر یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر

# لەقۆناغی ئێستا ئەم یارییە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێت

**■ تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر یەکێکە لەو تیپانەی کە وەکو زۆربەی یانەکانی تری کوردستان لەبەر نەبوونی یاریگا دەناڵێنن، چەندین یاریزانی بەتوانای کچی بەرهەم هێناوە بۆشاری هەولێر کە خاوەن ئەنجامی بەرچاون لەپاڵەوانێتیە جۆراوجۆرەکانی عێراق، یەکێك لەیاریزانە هەرە بەتواناکانی یانەکەش تەمارا شاکر مەحمودە، ئەو یاریزانە توانیویەتی ئەنجامی شایستە لەگەڵ یانەکەی بەدەستبهێنێت، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩یە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■**



*** چۆن بوو هاتیە نێو دنیای یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت مـن لەقوتابخانــەوە هەر لەســەرەتاوە حەزم لەوەرزشــکردن بوو بەتایبەتی ڕاکردن، توانیشم خۆم لەم یارییە بدۆزمەوە بەهیمەتی مامۆستاکانم و ماڵەوەمان.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-لەقۆناغی ئێستا ئەم یارییە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێت، یارییەکە ڕۆژ بەڕۆژ لەگەشــەکردن دایە، چونکە یانەکان زیاتر لەجاران گرنگی بەیــاری گۆڕەپان و مەیدان دەدەن، لەو بڕوایەشــم ئەم یارییە لەئاییندە گەشەکردنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ.

*** بۆچی یانەکان گرنگیەکی ئەوتۆ بەیاری گۆڕەپان مەیدان نادەن؟**

-ڕەنگە هۆکاری سەرەکی نەبوونی یاریگای تایبەت بێت بەم یارییە، بەتایبەتی لەئێســتادا زۆرێك لەیانەکانی کوردســتان بەدەست نەبوونی کێشــەی یاریــگاوە دەناڵێنن، بــەڵام لەمە بەدواوە گرنگــی دەبێت و ئارەزوومەندانیشی زیاتر دەبێت.

*** ئەی ئاستی ئەم یارییە بەتایبەت لەشاری هەولێر چۆن دەبینی؟**

-شــاری هەولێر خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانایە، لەئێستاشــدا یانەکانی هەولێــر گرنگی بەیاری گۆڕەپان و مەیدان دەدەن، بۆیە دەڵێم ئاستی ئەم یارییە لەم شارە زۆر باشە لەچاو ساڵانی ڕابردوودا.

*** خانەوادەکەت تاچەند ڕێگریت لێ دەکەن لەوەرزش کردنت؟**

- هیــچ کات ڕێگریان لێ نەکردیمــە، بەڵکو زۆریش هاوکاریم دەکەن بەتایبەتــی لەزۆرپاڵەوانێتیەکان خانەوادەکەم دێنە یاریگا بۆسەیر کردنی یارییەکانم.

*** چ داواکاریت لەلایەنی بەرپرسی وەرزشی هەیە؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەکردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنــی یاریزانان بدەن و پاڵەوانێتــی زیاتر بکرێتەوە بۆیاریزانانی کچ.

*** ئەنجامەکانــت چۆن بووە لــەم یارییە لەگەڵ یانەی هەولێر؟**

-توانیومــە چەندین ئەنجامی بەرچاو لەســەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستبهێنم، بۆیە گەشبینم بەئاستی خۆم.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

-ئەگەربێتو بەرنامەی تایبەتی بۆدابنرێ ئەوە پێشــکەوتن بەخۆیەوە دەبینــێ، پێم باشــە یانەکان خۆیــان بتوانن گرنگی بــەم یارییە بدەن بەتایبەتــی یاریزانــی تەمەن بچووك و یاریگاو کــەل وپەلی تایبەتیان بۆدابین بکرێ.

*** دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-هاوکاری باشــی ئێمەیان کردووە هیــچ کەمتەرخەمێکیان نەکردووە تاکو ئێستا.

*** لەهەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-بەڵێ ئێستا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم.

*** کێشەو گرفتان چییە لەم یارییەدا؟**

-ئێمە هیچ کێشــەیەکمان نییە بەهۆی پشتگیری تەواوی یانەکەمان لەیاری گۆڕەپان و مەیدان.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بتوانم لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ژمارەیەك ڕیکۆرد بشــکێنم و بتوانم ببمە پاڵەوانی ئاسیا.

*** ئەگەر یانەیەکی تر داوات لێ بکات، یانەی هەولێر جێدەهێڵی؟**

- هیچ کات بڕیاری جێهێشتی یانەی هەولێرم نەداوە.

*** چی بەو کەسانە دەڵێی کە ڕێگری لەڕۆڵەکانیان دەکەن لەوەرزش؟**

- ئەمە کارێکە نەشیاوە بەهیوای ئەوەم ئەوانیش دەرفــەت بەرۆڵەکانیان بــدەن بۆخزمەتکردنی وەرزش.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-سوپاس بۆگۆڤاری گوڵان بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەیاریزانانی ئافرەت بدرێت.






## میسی ڕێگرە لەڕۆیشتنی ڤان پێرسی بۆ یانەی بەرشلۆنە

لـــەدوای تـــەواو بوونـــی یارییەکانی ئەم وەرزەی خولـــی نایابـــی ئینگلتەرا، قســـەو باســـێکی زۆر لەســـەر یاریزانـــی هۆڵەندی ڕۆبن ڤان پێرسی دەکرێت بەمانەوەی لەیانەی ئەرسنال یان ڕۆیشتنی بۆ یانەیەکی دیکە کە چەندین یانەی گەورەی ئەورووپا داوای دەکەن لەوانە یانەکانی ڕیال مەدرید و بەرشـــلۆنە و مانچستەر سیتی، باوکی یاریزان ڤان پێرسی دووپاتیکردەوە کە کوڕەکـــەی ناچێتە یانەی بەرشلۆنە بەهۆی بوونی یاریزان لیونێل میسی لەم یانەیە. باوکی ڤان پێرسی لەلێدوانێکدا بۆ

## ڕیال مەدرید داوای

ڕاپۆرتـــە ڕۆژنامەوانییەکانی وڵاتی ئیســـپانیا ڕاپانگەیانـــد یانەی ڕیال مەدریدی ئیســـپانی بیر لەهێنانـــی یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا و یانەی مانچســـتەر ســـیتی ئینگلیزی دیڤید ســـیلڤا بۆ ڕیزی یانەی شـــاهانە دەکاتەوە، ڕۆژنامەی ئاســـی ئیسپانی ئاماژەی بەوەکرد کە ڕاهێنەری پورتوگالی جۆزێ مۆرینهـــۆ ڕاهێنەری یانـــەی ڕیال مەدرید زۆر سەرســـامە بەئاستی یاریزان ســـیلڤا بەتایبەتی




## ئەبیدال بـــ

یاریزانی هێلی بەرگری هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی بەرشلۆنە ئەریك ئەبیدال لەدوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو بۆ چاندنی جگەر لەنەخۆشخانە دەرچوو، لەدوای دەرچوونی ئەریك ئەبیـــدال کە بۆ ماوەی ٤١ ڕۆژ لەنەخۆشـــخانە مایەوە بەمەبەســـتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندنی جەرگ سوپاســـی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە لەکاتی نەخۆشـــییەکەی پشـــتگیرییان لێکردووە، ئەبیدال لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك نامەیەکی ئاراســـتەی هاندەرانی کـــرد و تیایدا

## مۆرینهۆ: دەمەوێ لەگەڵ سێ یانەی جیاواز چامپیۆنزلیگ بەرزکەمەوە

ڕاهێنەری بەناوبانگ جـــۆزێ مۆرینهۆ یەکەم ڕاهێنەری پورتوگالیە کە نازناوی خولی ئیسپانیا بەدەســـت دەهێنێت دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید بووە پاڵەوانی لالیگا، چوارەم ڕاهێنەریشە لەئەورووپا و پێنجەمە لەجیهان کە لەچوار خولی چوار وڵات نازناوەکەی بەدەســـت هێناوە، مۆرینهۆ لەلێدوانێکدا گوتی: من کاتێك دەستم بەکاری ڕاهێنەرایەتی کرد چەند ئامانجێکم هەبوو، دەمەوێ لەگەڵ سێ یانەی جیاواز نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بهێنم، ئارنست هاپل و ئۆتمار هێتسفیلد وەکو من لەگەڵ دوو یانەی جیاواز ئەم نازناوەیان بەدەست هێناوە، هاپل کۆچی دوایی کردووە و هێتسفیلد بەم نزیکانە واز دەهێنێت، بەڵام من چەندین ساڵم لەپێشە، من هەوڵم دا تا ئەو کاتەی بوومە یەکەم ڕاهێنەر کە هەرسێ خولە سەرەکییەکەی جیهان (ئینگلتەرا و ئیسپانیا و ئیتاليا) بەدەست بهێنم، کاپیلۆ لەهەردوو خولی ئیســـپانیا و ئیتالیا بووە پاڵەوان، ئەنشـــیلۆتی لەئیتالیا و ئینگلتەرا. مۆرینهۆ دووەم ڕاهێنەرە لەمێژوو کە لەدووەم وەرزیدا لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید نازناوی خولی ئیســـپانیا دەباتەوە، پێشـــتر ڕاهێنەر لیبۆ لەســـاڵی ١٩٣٢ ئەم دەســـکەوتەی تۆمارکردووە، مۆرینهۆ یەکێکە لەســـێ ڕاهێنەر کە چوار خولی جیاوازی بەدەســـت هێناوە لەدوای ڕاهێنەر ئارنست هاپل (هۆڵەندا، بەلژیکا، ئەڵمانیا، نەمسا) و ڕاهێنەر جیۆڤانی تراباتۆنی (ئیتالیا، ئەڵمانیا، پورتوگال، نەمسا) و ڕاهێنەر مۆرینهۆ (پورتوگال، ئینگلتەرا، ئیتالیا، ئیسپانیا)، ڕاهێنەر بیلا گۆتمان لەپێنج خولی جیاواز بۆتە پاڵەوان (هەنگاریـــا، ئیتالیا، بەرازیل، پورتوگال، ئۆرگوای)، ڕاهێنەر تۆماس ئیڤیچ لەشەش خولی جیاواز نازناوەکەی بەدەســـت هێناوە (یوگسلاڤیا، هۆڵەندا، بەلژیکا، یۆنان، پورتوگال، فەرەنسا).



رۆژنامەی تەلیگرافی هۆڵەندی دەربارەی ڕۆیشتنی گۆڵکەری خولی ئینگلتەرا بۆ یاریگای کامب نو گوتی: کۆڕی من بچێتە یانەی بەرشلۆنە، نەخێر شوێنی نابێتەوە لەیانەی بەرشلۆنە چونکە میسی لەوێ یاری دەکات، ڕۆیشتنی بۆ بەرشلۆنە هیچ مانای نییە. یاریزان ڤان پێرسی تا ئێستا بۆندەکەی لەگەڵ یانەی ئەرسنال تازە نەکردۆتەوە و ڕۆژنامەکە ڕایگەیاند کە ڤان پێرسی زیاتر لەیانەی مانچستەر سیتی پاڵەوانی خولی ئینگلتەرا نزیکە.



# تۆرێس هەڕەشەی ڕۆیشتن لەیانەی چێلسی دەکات

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی چێلسی فرناندۆ تۆرێس هەڕەشەی ڕۆیشتن دەکات لەیانەکەی لەبەر ئەوەی ڕازی نییە بەو مامەڵەی کە لەگەڵی دەکرێت لەیانەکەی و ڕایگەیاند لەگەڵ لێپرسراوانی یانەکــە گفتوگۆدەکات بۆ ئەوەی بمێنێتەوە یان بڕوات، تۆرێس کە بە٥٠ ملیۆن پاوەند هاتە یانەی بلوز بەهیوای ئەوە بوو بەشــداری لەیاری کۆتایی چامپیۆنز لیگ بــکات بەرامبەر یانەی بایرەن میونیخ، بەڵام تەنیا لەدوا ساتەکانی گێمی دووەم بەشداری کرد و ڕاهێنەر دی ماتیۆ ڕێگای پێنەدا لێدانەکانی یەکلاکەرەوە جێبەجێبــکات، لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ئاس گوتی: هەســتم بەنائومێدی کرد کاتێك پێکهاتەی سەرەکیم بینی، لەوانەیە گەورەترین نائومێدی بێت لەژیانمدا، وام دەزانی بەشێوەیەکی سەرەکی یاری دەکەم بۆیە بڕوام نەدەکرد کە ناوم لەپێکهاتەکە نەبوو.

هەروهــا نینۆ گوتی: لەم وەرزە هەســتم بەوە کرد کــە بەخراپی مامەڵەم لەگەڵ دەکرێت، من لێرە خۆشحاڵ نەبووم، بۆیە یاریکردن بەرامبەر بایرەن هەلێکی باش بوو بۆ من قەرەبو ناکرێتەوە، زۆر جار لەگەڵ لێپرسراوانی یانە دانیشتووم، ئێستاش وەرز کۆتایی هات و کاتمان لەپێشە بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆ بکەین. هەروەها تۆرێس گوتی: دەمەوێ بزانم وەرزی داهاتوو ڕۆڵی من چۆن دەبێت، من بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنم دواتر بڕیاری کۆتایی دەدەم، من ویستم لێدانێکی سزای بەرامبەر بایرەن جێبەجێ بکەم، بەڵام ڕێگەیان پێنەدام، خراپترین ئاستم لەو وەرزەدا بوو، بەڵام سوپاسی خێزانەکەم و سەرۆکی یانە و هاندەران دەکەم کە هەردەم پشتگیریان لێکردووم.

# دێڤید سیلڤا دەکات

کە ئاســتی یاریزانی ناوبراو زۆر باش بووە لەوەرزی ڕابردوو کە توانی ئاســتێکی بەرز پێشــکەش بکات و ڕۆڵێکی ســەرەکی هەبوو کە یانەی مان ســیتی نازناوی خولی ئینگلتەرا لەدوای ٤٤ ســاڵ بەدەست بهێنێت. ڕۆژنامەکە ئەوەشــی ڕاگەیاند کە مۆرینهۆ پێویستی بەیاریزانێکە بۆ بەهێزکردنی هێلی هێرشبەر بەتایبەتی کە ئێستا پێشــبینی ڕۆیشتنی یاریزانی بەرازیلــی ڕیکاردۆ کاکا دەکرێــت بۆ یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنســی، بۆیە مۆرینهۆ پێویستی بەیاریزانێکی لەتوانای ســیلڤا هەیە بۆ ئەم ئەرکە، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە دێڤید سیلڤا پێوەندی پێوەکراوە لەلایەن کەســانێکی نزیك لەیانەی ڕیال مەدرید بۆ پرســینەوەی ئامادەیی ســیلڤا بە پێوەندیکردن بەیانەی شاهانەوە. پێوەندی نێوان هەردوو یانەی ڕیال مەدرید و مانچســتەر سیتی زۆر باشە، هەربۆیە ئەوە کاروباری گفتوگۆیەکان ئاسان دەکات، یاریزان ســیلڤا تەمەنی ٢٦ ســاڵە و لەساڵی ٢٠١٠ لەیانەی ڤالانســیاوە پێوەندی بەیانەی مانچســتەر سیتی کرد.



# ـــــــە ٣ زمان سوپاسی هەمووان دەکات

هاتووە: ســڵاو لەهەمووان، من پێتان ڕادەگەیەنم کە لەنەخۆشــخانە دەرچووم، حــەزم دەکرد ئێوە زوو ئــەم هەواڵــە بزانن، جیــراری کوڕی مامم لەگەڵ من سوپاســی هەمووتان دەکەین بۆ ئەو پشــتگیرییەی کە لێتان کردین بەدرێژایی کاتی نەشتەرگەرییەکەو مانەوەمان لەنەخۆشخانە.

ئەبیدال نامەکەی بەســێ زمان نووسیوە کە بریتی بوو لەزمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنســی و ئیسپانی، یاریزانی یانەی بەرشلۆنە لەڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٠ نەشــتەرگەری چاندنی جگەری بــۆ ئەنجامــدرا دوای ئەوەی ڕاگەیاندرا کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکە لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ڕێگا بەئەبیدال دراوە نەخۆشــخانەکە بەجێبهێڵێت، بەڵام دەبێ لەماڵەوە قۆناغەکانی چاکبوونەوە تەواو بکات.

یانەی بەرشــلۆنە لەبەیاننامەیەکدا خۆشــحاڵی خۆی دەربڕی بەهاتنە دەرەوەی یاریزانەکەیان لەنەخۆشخانە و هیوای چاکبوونەوەی تەواویان بۆ خواســت، ئەبیدال بەم نزیکانە ناتوانێت جارێکی دیکە یــاری بکاتەوە و هەواڵی وازهێنانیشــی بەشــێوەیەکی کۆتایی لەئارادایە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# ماڵئاوا فەڵەستین.. لەکوردستان چاوەڕوانتانین



دوای ئـەوەی هەفتـەی ڕابردوو لەوڵاتی فەڵەسـتین کۆتایـی بەدووەمین پاڵەوانێتی قودس-ی نێودەوڵەتی هات، کاتێك هەردوو هەڵبژاردەی فەڵەسـتین و تونس گەیشتنە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە.

ئەم پاڵەوانێتیە بە بەشداریکردنی ٩ هەڵبژاردە بەڕێوەچوو و بەسەر سێ کۆمەڵە دابەشـکران، لەهەر کۆمەڵێك یەك هەڵبژاردە بۆ چوارگۆشەی زێڕین سەردەکەون لەگەڵ باشترین تیپ-ی خاوەن پلەی دووەم.

ئەوەی گرنگ بێت لەم پاڵەوانێتیە، بەشـداریکردنی هەڵبژاردەی کوردستانە، چونکە بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا هەڵبژاردەی کوردستان بەفەرمی بەشداری لەپاڵەوانێتیەکـی نێودەوڵەتی دەکات، کە لەژێر سەرپەرشـتی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بەڕێوە بچێت.

هەڵبژاردەی کوردسـتان لـەم پاڵەوانێتیـە لەکۆمەڵەی دووەم شانبەشـانی هەڵبژاردەکانـی (مۆریتانیا، ئەندنوسـیا) یاری کرد، لەیەکـەم یاری خۆیدا هەڵبژاردەی کوردسـتان توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنێت و بەئەنجامی (٣-١) گۆڵ لەهەڵبژاردەی مۆریتانیا-ی یەکەم بباتەوە، گۆڵەکانی هەڵبژاردەی کوردسـتان لەڕێگەی یاریزانان (ئامانج عومەر، کارزان عەبدوڵڵا، کۆسرەت بایز) تۆمارکران ئەمەش یەکەم سـەرکەوتنی نێودەوڵەتیە، کە هەڵبژاردەی کوردسـتان لەپاڵەوانێتیەکـی لەم جۆرە تۆماری دەکات، لەدووەم یـاری خۆیدا هەڵبژاردەی کوردسـتان ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی ئەندنووسیا بۆوە، ئەم یارییە بەیەکسانبوونی هـەردوو هەڵبژاردە بەئەنجامی گۆڵێـك تەواو بوو، تاکە گۆڵـی هەڵبژاردەی کوردسـتان لەڕێگای یاریزان (کارزان عەبدوڵڵا) تۆمار کرا، دوای ئەم ئەنجامە هەڵبژاردەی کوردسـتان توانی پلەی یەکەم لەکۆمەڵەکەی بەدەسـتبهێنێت بەکۆکردنەوەی (٤) خاڵ، لەقۆناغی پێش کۆتاییدا هەڵبژاردەی کوردستان ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی تونس بۆوە لەیارییەکی بەهێزدا هەڵبژاردەی کوردسـتان لەم یارییە ئاسـتێکی بەرزی پێشـکەش کرد و بەتەواوی کۆنترۆڵی یاریگایان کرد، بەڵام بەهۆی چەند هەڵەیەکی تاکە کەسیدا هەڵبژاردەی تونس توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و یارییەکە بەئەنجامی (٢-١) گـۆڵ لەهەڵبژاردەی کوردسـتان بباتەوە، تاکە گۆڵی هەڵبژاردەی کوردسـتان لەڕێگەی یاریزان (کۆسرەت بایز) تۆمار کرا.

لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردەی کوردسـتان لەم یارییە تووشی دۆڕان هات، بەڵام توانی پلەی سێیەمی ئەم پاڵەوانێتیە بەدەستبهێنێت ئەمەش دەبێتە دەستکەوتێکی مەزن بۆ کوردستان، کە لەیەکەم بەشداری نێودەوڵەتیدا ئەم پلەیە بەدەستدەهێنێت، هەرچەنـدە زۆربەی یاریزانەکانی ئـەم هەڵبژاردەیە یاریزانی لاون و دوارۆژێکی گەش چاوەڕوانیان دەکات.

**وێنەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆمار بەرزکرایەوە**

لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەم دەسکەوتە لەیەکەم پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیدا، کوردستان لەم پاڵەوانێتیە چەندین دەسکەوتی تری بەدەستهێنا، ئەویش لەیارییە فەرمییەکان تەنیا ئاڵای کوردسـتان و مارشی نیشتمانی کوردستان لێدەدرا (ئەی ڕەقیب) و هەروەها لەگشـت پرۆتۆکۆلەکان وەکو وڵاتێك مامەڵە لەگەڵ شاندی کوردستان دەکرا و سـەرۆکی فەڵەسـتین و وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە پێشوازی لەشاندی هەڵبژاردەی کوردسـتان کرد و هەروەها سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی و سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی فەڵەسـتین لیوا جەبریل ڕەجوب لەچەندین لێدوانی جیاواز دا تەئکیـدی لەوە کردەوە، کە لەلای ئەوان هەڵبژاردەی کوردسـتان هەڵبژاردەیەکی فەرمییـە و وەکو وڵاتێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بەڵام گرنکترین دەسـکەوت، کە کوردسـتان لەم پاڵەوانێتیە بەدەستیهێنا، ئەوەیە کە بەبڕیاری وڵاتی فەڵەستین لەسـەرەتای پاڵەوانێتیەکە تا کۆتایی وێنەی سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان و بەڕێز جەلال تاڵەبانی سـەرۆك کۆماری عێراق لەگشت یاریگاکانـی ئەم وڵاتـە بەرزبکرێتەوە وەکو ڕێزلێنانێك لەم دوو سـەرکردە کوردە ماندوو نەناسە.

دەبێت دەستخۆشـی و ستایشـی دەسـتەی ڕاهێنەران و دەستەی پزیشکی و ڕاگەیاندن و کارگێڕی هەڵبژاردەی کوردستان بکەین، کە توانیان بەباشترین شێوە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و پەیامی خۆیان بەجیهان بگەیەنن.

دەڵێین ماڵئاوا فەڵەسـتین.. لەکوردسـتان چاوەڕوانتانین بۆئەوەی لەپێنجەم پاڵەوانێتـی جامـی جیهانی یەکـەم نازناو بەدەستبهێنن.



رێبین رەمزی

# هەڵبژاردەکان درێسی یاریکردنیان لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢ ئاشکرا کرد

وا بڕیـــارە مانگی داهاتـــوو لەهەردوو وڵاتی ئۆکرانیا و پۆڵەندە ڕکابەرییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (٢٠١٢) بەڕێوەبچێت، پێش دەســـتپێکردنی پاڵەوانێتیەکە هەر ١٦ هەڵبژاردە بەشداربووەکە درێسی یاریکردن و درێسی یەدەگی خۆی بۆ ئەم پاڵەوانێتیە ئاشکرا کرد، ئەمەی خوارەو درێسی هەڵبژاردە بەشداربووەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپایە.


ئەڵمانیا


ئینگڵتەرە


دانیمارك


فەرەنسا


ئیسپانیا


کۆماری ئیرلەندە


یۆنان


هۆڵەندە


ئیتاڵیا


رووسیا


چیك


پورتوگال


پۆڵەندە


سوید


ئوکرانیا


کرواتیا